حەمە عەلی بەرزنجی:

# پێشمەرگایەتی خولیام بوو

**ئا: کۆژین جاف و دەریا گوڵمکەوەیی**

عەلی حەمە حەمەئەمین ناسراوە بە (حەمە عەلی بەرزنجی)، لە ساڵی (1957) لە شارۆچکەی بەرزنجە لە دایک بووە، تا دووی ناوەندی خوێندووە، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا دووجار برینداار کراوە و،دوای سێ رۆژ کە چەکی پێشمەرگایەتی کردۆتە شانی بۆ ماوەی یەک ساڵ و شەش مانگ دایکی و باوکی لە لایەن حکومەتی بەعسەوە دەستگیردەکرێن لە شارۆچکەی بەرزنجە دواتر دەبرێن بۆ شاری سەماوە، ناوبراو ئێستا ئەندامی ئەنجوومەنی لقی شارباژێر- دوکانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانە، دواپلەی پێشمەرگایەتی لەشاخ (سەرپەرشتیاری تیپی 31ی سلێمانی )بووە.
بۆزیاتر ئاشنابوون بەژیانی پێشمەرگایەتی و ئیستای خۆشحاڵین ئەم دیدارەی لەگەڵدا ئەنجام بدەین:



حەمە عەلی بەرزنجی

**پ / هۆکار چی بوو بوویتە پێشمەرگە ؟**

و / نۆمانگ تێپەری بەسەر کارەساتی شۆرشی ئەیلوولدا، پاش هەرەسی ساڵی (1975) کە کارەساتێکی جەرگبربوو بۆ میللەتەکەمان، منیش وەکو گەنجێکی نیشتمان پەروەر، هەمیشە خولیایی ئەوە بووم کە

شۆرش درووستبێتەوە، منیش یەکەم کەس بم کە لەو شۆرشەدا ببمە پێشمەرگە، بۆ بەرگری لە خاک و نیشتمانەکەم کە ساڵی (1977) بوومە پێشمەرگە هەستم دەکرد دوا کەوتووم، بۆیە دەبوایە زووتر ببومایە بە پێشمەرگە، من پێشتر لە ساڵی (1976) لە رێکخستنەکانی ( ی ن ک ) کارم دەکرد، دواتر لە (1977/6/29) چووومە لای (حمە غەفور ئاخجەلەری) لە ناوچەی شوان، کە ئەندامی کۆمیتەی هەرێمەکان بوو بەرپرسی یەکەمی ناوچەکە بوو، هەر لەوکاتەوە چەکی پێشمەرگایەتیم کردەشان و درێژەمدا بە خەبات .

**پ/ لەورۆژە سەختانەدا چ رووداوێک لە ناوچەکە رویدا،کە شایەنی باس بێت ؟**

و / هەموو رووداوەکان شایەنی باسن، جێگای نیگەرانییە لەو سەردەمەدا کەتازە شۆرشەکەمان هەنگاوی دەنا بۆ ناساندنی پێشمەرگە بە جەماوەر، یەکەم رووداو ئەوەبوو لە 1977/7/23 هەڤاڵ حەمە غفور و هاورێکانی لە گەوندی (کانەبی) چەمی رێزان لە میوانداریەکی نامەردانەدا لە لایەن پۆلێک خۆفرۆشەوە شەهیدکران .

رووداوەکە ئەوەندە گەورەبوو بۆ ئەو سەردەمە کۆمەلانی خەڵکی کوردستانی تووشی نائومیدی کرد.

**پ/ لەوسەردەمانەدا ئێوە بە مەفرەزەی بچووکەوە رووبەرووی گەورەترین هێزی داگیرکەری دوشمن دەبوونەوە، هۆکار چی بوو؟**

و / بیروباوەری پۆلاینی پێشمەرگەکانمان و رەوابوونی شۆرشەکەمان، دژی حزبی بەعسی داگیرکەر هەموو پێشمەرگەیەک بەردەوام لە بیری تێکۆشاندابوو، بۆنمونە لە 1977/7/2 کاتژمێر هەشتی بەیانی بوو، لە شیوەشانی دەشتی کۆیە، ئێمە سێ پێشمەرگە بووین خەبەریان پێشتر لیدابووین کە ئەم گوندە پێشمەرگەی تێدایە، بۆیە (27) کۆپتەری جەنگی و بارهەڵگر هێزیان دابەزان لە دەورو پشتی گوندەکە، کە دابەزین هاتنە ناو گوندەکەو خەڵکی گوندەکەیان کۆکردەوە، کە ژن وپیاویان لەیەکتر جیا کردەوە، ئاگاداربووین کە ئازاری زۆری خەڵکی گوندەکەیاندا، کە دەیانویست ئاشکرامان بکەن،بەلام خۆراگری خەڵکی گوندەکەو دڵسۆزیان بۆ پێشمەرگەکان هیچ وشەیەکیان نەدرکاند، ئێمەش خۆشبەختانە لەمگەمارۆیە رزگارمان بوو، هەمیشە وەک پێشمەرگەیەک ئازایەتی ئەوگوندەم لەیادە .

**پ/ ئەو سەردەمە وای دەخواست پێشمەرگە خۆی بە جەماوەر بناسێنێت ، چۆن خۆتان بە خەڵکی دەناساند؟**

و/ ئێمە وەک پێشمەرگە شەوانە چەند گوندێکمان بەسەردەکردەوە بەمەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵیاندا، پێماندەوتن شۆرش دروستبووەتەوە و بانگەوازمان بۆ ئەم شۆرشە نوێیە دەکرد، پارتیزانانە کارماندەکرد، ئێمە بۆ خۆپاراستن و سەر لێشوانی بەکرێگیراوەکانی حزبی بەعس ئەم شێوازەمان

بەکار دەهێنا، بۆ نموونە لە چەند گوندێک بەتانی و خواردنمان وەردەگرت و دەچووین بۆ شوێنێکی نادیار، تەنیا دۆستەکانمان شوێنی نادیاری ئێمەیان دەزانی .

**پ/ پێش شەڕی عێراق و ئێران بارودۆخی شۆرش زۆر سەختبوو،ژیانی ئێوەی پێشمەرگە چۆن بوو ؟**

و / چوار ساڵ بەر لە هەڵگیرساندنی شەڕی نێوان عێراق و ئێران، ژیان و گوزەرانی پێشمەرگە زۆر نالەبار بوو، بە هیچ شێوەیەک نەمان دەتوانی لە گوندەکان بمێنینەوە، تەنها بە شەو سەردانی گوندەکانمان دەکرد، چونکە دووشمن زۆر سەر سەختانە هەوڵی لە ناوبردنی شۆرشی ئەدا، بە پێشکەوتووترین چەک و فرۆکەی جەنگی، سوپای بێشوماری بەعسی فاشی رۆژانە لەم گوندبۆئەوگوند هێزەتایبەتەکانیان بە کۆپتەر دادەبەزاند، بۆسەر پێشمەرگە، بۆیە ئێمەش مەفرەزەی پارتیزانمان دروستکردبوو کە بەردەوام روبەرووی رژێم ببەنەوە کە ژمارەیان (7بۆ 10 ) پێشمەرگە دەبوو، بەمشێوەیە دەستامان لە دوشمن دەوەشاند .

**پ/ هاوکاریتان لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی سەر گۆرەپانی خەبات چۆن بوو ؟**

و/ بۆ نموونە لە بەرواری لە (1980/3/24) حیزبی شیوعی لە گوندی قزلەر لە ناوچەی پیرە مەگروون ، لەلایەن هێزەکانی رژێمەوە بە پاڵپشتی (28) کۆپتەری جەنگی قواتیان بۆ دەبەزاندن بۆ سەرگوندی قزلەر، شەری پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی و جەیش و جاش لە کاتژمێر (12:30)ی نیوەرۆ دەستی پێکرد، ئێمە کە مەفرەزەیەکی (ی ن ک ) بووین،کە بە سەرپەرشتی شەهید (بابە تاهیر ) چووین بە هانای هێزەکەی حیزبی شیوعییەوە، تا کاتژمێر (8)ی شەو، شەر بە سەختی بەردەوام بوو، لە نێوان پێشمەرگەو جاش و سوپای رژێم، ئەوەی لەیادم بێت، ئەو داستانە بەخوێنی پێنج پێشمەرگەی قارەمانی حزبی شیوعی تۆمار کرا وەک شەهید (عومەر بچکۆل ) و (د. شاهۆ ) و (حەسەن رەشید) و (مستەفا عەرەب) و (کەمال مام هەمزە) بوو، ئێمەش لەو شەرەدا کەچووین بە هانایانەوە چەند برینداریکمان هەبوو، ئەو هاورێیانەی لە یادماماون وەک هاوڕێ ساڵح قەرەچەتانی فەرماندەی یەکەمی هێزەکەی حیزبی شیوعی و هاوڕێ عەتا کە سەرپەرشتی ئەو داستانەیان دەکرد، مەفرەزەکەی ئێمە بەسەرپەرشتی شەهید (بابە تاهیر) و شەهید (ئیسماعیل گەورەدێیی) و شەهید (کاکەبرا بەرزنجی) و هەروەها لە گەڵ پێشمەرگەی دێرین(عیزەت شەمساوایی ) و چەند پێشمەرگەیەکی تر بوون .

**پ/ وەک پێشمەرگەیەک لە زۆر داستاندا بەشدار بوویت، باسی داستانێکمان بۆ بکەی کە خۆت بەشداری و کاریگەریت تیا بینیوە ؟**

و / من وەک پێشمەرگەی سەرەتای شۆرش، لە

زۆربەی داستانەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشدار بووم ، ئەوەی شایەنی باسبێت شەڕی ئاسنگەرانی دۆڵی جافایەتیتان بۆ باس دەکەم، کە کاتژمێر (7)ی بەیانی زیاتر لە (28) کۆپتەری ڕژێم لەم گوندانە هێزەکانیان دابەزاند وەک گوندی (مالوومە و یاخسەمر و لەسەر شاخی ئاسنگەران )، لەوکاتەدا هێزەکانمان لەسەر شاخبوون کە پێکهاتبووین لە پێشمەرگەکانی (هەرێمی سێ و هەرێمی چوار ) شەڕ لە هەموولایەکەوە بە سەختی دەکستی پێکرد، ئەم ڕووبەڕوو بوونەوەیەی ئێمە لە ساڵی (1980)دا بوو، ئەو ڕۆژە تاوەکو (8)ی شەو شەڕەکە بەردەووام بوو، چەکی گەورەی دەستی پێشمەرگە تەنیا (ئار بی جی )بوو زیانی دووشمن ئەوەی زانراوە (25 بۆ 30) کوژراویان هەبوو، زیانی پێشمەرگەش لەم داستانەدا یەک پێشمەرگەمان لەشاخەکەوە هڵدێراوکەوتە خوارێ و شەهید بوو بەناوی (جمال کەناروێ)ی .سووپای دووشمن هەتا ڕۆژی دوایی لەو شاخە مایەوە بۆ ڕۆژی دوایی بە کۆپتەری بارهەڵگر کاتژمێر (2)ی پاشنیوەڕۆ هێزەکانی خۆیان کشانەوە بەرەومۆڵگاکەکانیان کە لە مەعەسکەی سوسێ و لە مەعەسکەری ساردەووە هاتبوون .

**پ/ کاری پێشمەرگە لەو سەردەمانەدا تەنها شەڕکردن بوو ؟ یاخوود جگە لە ڕووبەڕووبونەوەی ڕژێم چکارێکی ترتان هەبوو ؟**

و / ئەتوانم بڵێم، حکومەتێکی بچوکبووین لەوسەردەمەدا، یەکەم کارەکانمان دانانی ئەنجوومەن بوو لەگوندەکان، بۆ ئەوەی کاروباری خۆیانوشۆرش ڕاپەرێنن، لەهەمانکاتدا دەزگای کۆمەلآیەتیمان هەبوون بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ چارەسەری زۆرێک لە گیروگرفتی هاولاتیان، هەروەها گومرگمان هەبوو بۆ شۆرش، بۆ بژێوی ئیدارەی هێزی پێشمەرگە بۆ نموونە گومرگی (سەفرە ) هەروەها شۆرشەکەمان پشتگیری لە چینی جوتیار و ڕەنجدەران و چەوساوەکان دەکرد، زیندووکردنەوەی قوتابخانەی گوندەکان لەلایەن مامۆستایانی شۆرشەوە بۆئەوەی، کە منالآنی گوندنشینەکان لە خوێندن بێبەش نەبن، هیواخوازم ئەو مامۆستایانەی کە لەو سەردەمەدا لە ژێر تۆپوتەیارەی دووشمن منالآنی کوردیان فێری وانەی خوێندن دەکرد، لەبیر نەکرێن و وەک پێشمەرگەی کوردستان سەیریان بکرێت .

**پ/ لە ڕاپەرینەکەدا وەک پێشمەرگەیەکی دێرین بەشدار بووی ؟ بەلآم ڕاپەرین بەس پێشمەرگەی دێرین کردی بەرامبەر بە ڕژێمی بەعس ؟**

و/ نەخێر، دوای ئەوەی ولآتی کوێت، لەلایەن سوپای عێراقەوە داگیرکرا، هەلێکی باشبوو بۆ گەلی کوردستان و تێکرای عێراق، لە ساڵی (1990) سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بیری لەوەکردەوە کە ڕاپەرینێکی سەرتا سەری بکات لە کوردستان ،

بۆ ئەو مەبەستە بڕیار درا، ئێمە کە پارتیزان بووین سەدان نامەمان ئاراستەی ڕێکخستنەکانمانکرد، کەسازوئامادەبن بۆ ڕاپەڕین، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانی نیشتمان پەروەرو شۆڕشگێر شانبەشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەوری کارایان بینی بۆ دەرپەڕاندنی بەعسییەکان لە کوردستان .

ئەوەبوو لە بەرواری (1991/3/5) دا بڵێسەی ڕاپەڕین لە ڕانیە دەستی پێکرد و بۆ مێژووش کەرکوک بۆ یەکەمین جار لە یەکەم ڕۆژی بەهاری (1991) دا کورد ئاگری نەورۆزی بە ئازادی لە کەرکوکدا کردەوە .

**پ/ ئەرکی پێشمەرگەی دێرین ئێستا چییە ؟**

و / پێشمەرگەی دێرین هەتاوەکو ئێستا کەمتەرخەم نەبووە، لە خۆبووردووی و فیداکاری، بەڵام ئێستا مافی خۆیەتی داوای ژیانێکی باش بکات، بۆ خۆی و منداڵەکانی، وەک هەر مرۆڤێکی تر بە ئاسایی ژیان ببەنەسەر، داوادەکەم لە دامودەزگاکانی حیزبی و حکومی بەچاوی ڕێزەوە سەیریان بکەن و مافیان بپارێزرێت، پاش چەندین شۆڕشی یەک لە دوای یەک خۆشبەختانە ئێستا خاوەنی پەرلەمان و حکومەتی خۆمانین، ڕاستە کەموکوری هەیە، بەڵام با کەم سەیر نەکرێت، ئەو هەموو سەروەری و خەبات و دەسکەوتە گەورەیەی میللەتەکەمان، ئەرکی هەموو لایەکە بیپارێزین .کە بە هەموولایەک بەدەستهاتووە،

**پ/ لە کۆتایی ئەم دیدارەمان لەگەڵ بەڕێزت، دەڵێن ناخۆشترین کات لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا چی بووە ؟**

و/ لە ساڵی (1978) لەکارەساتی هەکاری گەڕامەوە، ئێمە هەشت پێشمەرگەی بێ چەک بووین، لەلایەن ڕژێمی شای ئێرانەوە گیراین لە مەرزی (سێ سنور ) لە پازگای گلاس، دواتر بردیانین بۆ زیندان، دەستوچاویان بەستبووین ، بەڵام کە لە زیندان چاویان کردینەوە سێ چەکداری ئێرانی میلی چەکەکانیان لێهنباینە و بە زمانی فارسی قسەیان دەکرد، ئێمە هەرسێکمان من و (مەحمود زەنگی سەری ) و ( سەید ئەحمەد توتمانی ) بە یەکتریمان وت ئەوە ڕەمیمان دەکەن، ئەوکاتەم هەمیشە لەیادە، دوای ئەو کارەساتەی هەکاری گەڕامەوە لە ئان وساتدابوو شەهیدمان بکەن ئەمە ناخۆشترین کاتم بوو، بەڵام خۆشترین کاتم ئەوەبوو، کە ڕاپەڕین دەستی پێکرد، وەک پێشمەرگەیەک لەخۆشیاندا گریام لە ئۆردووگای باریکە، چوونکە نەمدەزانی شادی و خۆشییەکان چۆن دەربڕم .

**× کاتت پێ بەخشین، سوپاس بۆ ئەم دیدارەت و بۆ وەڵامی پرسیارەکانمان .**

- منیش سوپاسی بەڕێزتان دەکەم ،کە دیدار لەگەڵ ئێمەی پێشمەرگەدا دەکەن .

**************************